بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سلێمانی

# پێشبینی زیادبوونی لۆی کارەبا لە شاری سلێمانی

# تا ساڵی

# ٢٠٢٠

ئەندازیار ئاری محمد مستەفا

## پێشبینی لۆد تاساڵی ٢٠٢٠ +ساڵی ئۆڤەرلۆدبوونی هەر ویستگەیەك:

**پێشبینی زیادبوونی لۆد لەسنوری بەڕیوەبەرایەتیمان لە ساڵی ٢٠٢٠ =١٤١٤ MVA**

**زانینی لۆدی ئێستاو ڕێژەی زیادبون زۆر پێویستە بۆئەوەی پێشبینی لۆدی داهاتوو بکرێت یان ساڵی ئۆڤەرلۆد بوونی ویستگەکان دیاری بکرێت هەتا پێشتر صیانەی هێڵەکان و ویستەگەکانی کەهەیە بکرێت یاخود ژمارەی ویستگەکان زیاد بکرێت یان تواناى ویستگەکان زیاد بکرێت . پێشبینی لۆد یەکێکە لە هەرە بەشەهەستیارەکانی پلاندانان وکارێکی سەختە کە پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاریووردو ڕاست هەیە**

.

## ئامارو لۆدی داهاتوو Future demand:-

**بۆدیاریکردنی لۆدی داهاتوو دوو ڕێگاهەیە :-**

**١-پێویستە ئەم زانیارانە لەبەر دەستابێت ( ژمارەی هاوبەشەکان , پێویستی هەر هاوبەشێك بەووزەی کارەبا , ڕێژەی زیادبونی هاوبەشەکان,لۆدی ئێستای پرۆژە بازرگانی , پیشەسازی,کشتوکالی و فەرمانگە حکومیەکان واتە( Bulk load ) لە گەڵ زانینی ڕێژەی زیادبونیان ) لەبەرئەوەی ئەم زانیاریانە بەوردی لەبەردەستا نیە بۆیە ئەم ڕێگایە بەکارنەهاتووە ).**

**٢- پێویستە ئەم زانیارانە لەبەر دەستابێت : ( ١-لۆدی ساڵانە لەسەر ویستگەکان ٢ -ڕێژەی زیادبونی ساڵانەی لود )**

**لەبەر ئەوەی ئەم زانیاریانە لەبەردەستایە بۆیە ئەم ڕێگایە بەکارهاتووە .**



## لۆد لەسەر ویستگەکان:-

ئەو زانیاریانە لە ویستگەکان substation وەرگیراوە

**لۆد لەسەر ویستگەکان**

| Load ٢٠١٢ | Load ٢٠١١ | Load ٢٠١٠ | Load ٢٠٠٩ | Load ٢٠٠٨ | Load ٢٠٠٧ | Load ٢٠٠٦ | | Firm capacity MVA | Ss. Capacity MVA | Substation name |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٨ | ٤٦ | ٥٢ | ٤٦ | ٤٥ | ٥٣ | ٦٠ | | ٨٢ | ٢*٥٠/٤٠/١٦+<br>١*٦٣/٥٠/٢٥ | MVA-Rzgary |
| ٤٦ | ٤٥ | ٤٧ | ٥٢ | ٥٣ | ٧١ | ٦٣ | | ٦٣ | ٢*٣١,٥ | MVA-shaheed |
| ٣٩ | ٤٨ | ٤٩ | ٤٧ | ٤٢ | ٤٤ | ٤٠ | | ٤٨ | ٣*١٦ | MVA-malkany |
| ٣٣ | ٤٠ | ٤٠ | ١٨ | ٣٧ | ٣٦ | ٣٦ | | ٥٥ | ٢*٦٣/٥٠/٢٥<br>+١٥ | MVA-azmer |
| ٣٢ | ٤٠ | ٤٢ | ٣٩ | ٣٥ | ٢٦ | ٢٧ | | ٦٣ | ٢*٣١,٥ | MVA-snaee |
| ٣٩ | ٤٥ | ٤٧ | ٤٨ | ٤٢ | ٤٢ | ٣٧ | | ٦٣ | ٢*٣١,٥ | MVA-park |
| ١٧ | ٢٨ | ٢٥ | ٢٤ | ٢٨ | ٩ | ٨ | | ٣٧ | ١*٥ +٢*١٦ | MVA-bardaka |
| ١٢ | ٨ | ٧ | ٧ | ٦ | ١٣ | ٠ | | ٢٠ | ٢*١٠ | MVA-tanjaro |
| ٢ | ٢ | ٢ | ١٢ | ٧ | ٧ | ٩ | | ١٠ | ٢*٥ | MVA-dawajn |
| ٣٣ | ٢٧ | ٢٢ | ١١ | ١٠ | ٨ | ٥ | | ٦٣ | ٢*٣١,٥ | MVA-rapareen |
| ٤٨ | ٤٠ | ٣١ | ٢٣ | ١٤ | ٠ | ٠ | | ٧٥ | ٣*٦٣/٥٠/٢٥ | MVA-bashur |
| ٥ | ٧ | ٧ | ٦ | ٦ | ٠ | ٠ | | ١٥ | ١*١٥ | MVA-sherkuz |
| ١٢ | ١٢ | ١١ | ١١ | ٠ | ٠ | ٠ | | ١٥ | ١*١٥ | MVA-sarchnar |
| ٤٠ | ٣٢ | ١٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | | ٥٠ | ٢*٦٣/٥٠/٢٥ | MVA-zargata |
| ٣٣ | ٢٩ | ٢٥ | ١٢ | ١٤ | ١٣ | ١١ | | ٥٠ | ٢*٦٣/٥٠/٢٥ | MVA-new bakrajo |
| ٠ | | نەماوە | نەماوە | نەماوە | ٩ | ٩ | | ٠ | ٠ | zerinok |
| ٢٩ | ١٠ | | | | | | | ٥٠ | | MVA-chwarbakh |
| ٢ | | | | | | | | | | **Amercan univercity** |
| ٥ | | | | | | | | | | **Zanko kamp** |
| ١٥ | | | | | | | | | | kaziwa |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | | | | | | | | | | **Hawarishar** |
| ٧ | | | | | | | | | | **Bakrajo mob.** |
| ١ | | | | | | | | | | **shari jwan** |
| ٢٢ | ٢٠ | | | | | | | | | MVA-qaragh |
| ٢٦ | ١١ | | | | | | | | | MVA-darband |
| ١٦ | ١٤ | | | | | | | | | MVA-qalachwalan |
| ١٢ | | | | | | | | | | MVA-arbat |
| ٥٧١ | ٥٠٥ | ٤٢١ | ٣٥٦ | ٣٣٩ | ٣٣١ | ٣٠٥ | | | | کۆ |

## ڕێژەی زیادبونی لۆد :-

**بۆ بەدەست هێنانی ڕێژەی زیادبوون لەسەر ویستگەکان لەساڵی ( ٢٠٠٦ تا ٢٠١٢ ) لۆدی هەموو فیدەرەکان بە ئەمپێر**

**وەرگیراوە, پاشان هەر ویستگە بەجیا بەرزترین لۆدی ئەژمێرکراوە بە** MVA

**ڕێژەی زیادبون بە ٪١٣,١ دانراوە پشت بەزیادبونی لود لەساڵی ٢٠٠٧ تا ٢٠١٢**

| Load ٢٠١٢ | Load ٢٠١٠ | Load ٢٠٠٩ | Load ٢٠٠٨ | Load ٢٠٠٧ | Load ٢٠٠٦ | YEAR |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣.١٩% | ١٨.١٩% | ٥.٠١% | ٢.٤٢% | ٨.٥٢% | | ڕێژەی زیادبون |
| ١١.٤% | | | | | | ناوەندی ڕێژەی زیادبوون |

## سوودەکانی پێشبینی لۆد:

له ئەم ڕا پۆرتەدا لۆدی چەند سالٚ لەمەو پێشی فیدەرە ( ١١ کی ڤی ) ەکان شیتەلٚکراوە بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێژەی زیادبون لەسەر ویستگەکان تا لە ریگایەوە بتوانین پیشبینی لۆدی داهاتوو بکەین.سوودی ئەم را پورتە ئەوەیە :-

١- پێشبینی لۆد تا سالٚی ٢٠٢٠

٢- سالٚی ئۆڤەرلۆدبونی ویستگەیەکان دیاری ئەکات

پیویستە کاری بە پەلە بکریت بۆ چارەسەرکردنی ئەو ویستگانەی کە ئۆڤەر لۆدن بەمەبەستی دابینکردنی لۆدی ئێستاو داهاتوو.ئەمەش بەدانانی ویستگەی نویٚ یاخود فراوانکردنی ویستگە کونەکان بەمەبەستی :-

ا- دابەزینی لۆد لەسەر ویستگەکانی کە هەیە

ب-گونجانیان لە گەلٚ فراوانبونی تۆڕەکانی کارەبادا

ج-کەمکردنەوەی درێژی فیدەرەکان بە مەبەستی کەمکردنەوەی دابەزینی ڤۆلتیە

د- بۆ چاکردنی دلنیایی لە هیلەکاندا

## چەماوەی لۆد Load Curve:-

لۆد لەسەر هەر ویستگەیەك زۆر بەکەمی نەگۆڕە,لەڕاستیدا سات بەسات و ڕۆژ بە ڕۆژ ئە گۆڕێت ئەم گۆڕانەش پیٚ ی دەوترێت چەماوەی لۆد.کە گۆڕانی لۆد نیشان ئەدات لە بەرامبەر کاتدا.زۆر زانیاری بەسود ئەتوانین بەدەست بهێنین لەئەم چەماوەیەدا وەکو:-

١-ناوچەی ژێر چەماوەکە یەکەی بەکارهاتو( units consumed ) نیشان ئەدات.

٢-ڕێژەی ناوچەی ژێر چەماوەکە بۆ ناوچەی گشتی( rectangle) لۆد فاکتەرمان ئەداتیٚ

٣-لوتکەی چەماوەکە بەرزترین لۆد لەسەر ویستگەکە دیاری دەکات ( simultaneous)

٤-بە دابەشکردنی ناوچەی ژێر چەماوەکە بەسەر ژمارەی ئەو کاتانەی کارەبا هەبووە تێکڕای پێویستی ( average ) لۆد لەسەر ویستگەکە نیشان ئەدات.

| ٢٠٠٦ | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٨ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٠ | ٢٠١١ | ٢٠١٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٠٥ | ٣٣١ | ٣٣٩ | ٣٥٦ | ٤٢١ | ٥٠٥ | ٥٧١ |



## چەماوەی لۆدی ویستگەکانی پارێزگای سلێمانی:-

-ئەبێت ئەوە بزانین کە چەماوەی لۆد لە هەموو کاتێکدا وەك یەك نیە بەڵکو ئەگۆڕێت ( ڕۆژ بە ڕۆژو وەرز بە وەرز ساڵ بە ساڵ ) بۆیە پێویستە بەلایەنی کەمەوە چەماوەیەك بۆ وەرزی زستان و یەکێکیش بۆ هاوین بکرێت,ئێمە بەرزترین لۆدی زستان دەکەین بە نمونە بەو هیوایەی کەئەم کارە بەردەوام بێت لە هەموو وەرزەکاندا ئەویش بۆ دەرهێنانی ڕێژەی زیادبونی سالانە تا بەهۆیەوە بتوانین پێویستی داهاتومان بە شێوەیەکی زانستی بدۆزینەوە.

تیبینی:

بۆ دۆزینەوەی لۆ د فاکتەر ئەم هاوکێشەیە بەکاردێت:

لۆد فاکتەر=تێکڕای پێویستی کارەبا \ بەرزترین داواکاری کارەبا لەوماوەیەدا

## بەرزترین وتێکڕای داواکاری لۆد :Max . & Average demand

بە هۆی ئەوەی کە تائێستا نەتوانراوە ٢٤ کاتژمێر کارەبا دابین بکرێت ناتوانرێت تێکڕایی بەکارهێنانی لۆد لەسەر ویستگەکان دیاری بکرێت بۆیە لەئەم ڕا پۆرتە بەرزترین لۆد وەرگیراوە.



## زیادبونی داواکاری سالانه بۆ وزەی کارەبا:

زیادبونی داواکاری سالانه بۆ وزەی کارەبا پەیوەندی هەیە بەم هۆکارانەی خوارەوە:

-زیادبونی ژ. هاوبەشەکان

- زیادبونی ژ. دانیشتوان

- باش بونی باری ئابوری خەلك

## پێبینی لۆد لە ساڵی ٢٠٢٠:

پێشبینی ئەکرێت کەلەساڵی ٢٠٢٠ خواستی بەکارهێنانی ووزەی کارەبا لە شاری سلێمانی ( سنووری بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سلێمانی کەئەم شوێنانە دەگرێتەوە ( سلێمانی+دەربەندیخان+عربت+ماوەت+چوارتا+قراغ ) بگاتە MVA ١٤١٤ واتە نزیکەی ١٢٠٠ میگاوات ( پاوەر فاکتەر بە ٠,٨٥ دانراوە )



## ساڵی ئۆڤەرلۆدی فیدەرەکان :-

### ١- ویستگەی رزگاری

لە راپورتی سالی ٢٠٠٩ دا روونمان کردەوە کە ویستگەی رزگاری ئۆڤەرلۆد ئەکات لە ساڵی ٢٠١١ ئەگەر ویستگەی مەلعەبەکە نەخرێتە کار وەئەگەر بخرێتە کار لە ساڵی ٢٠١٤ ئۆڤەر لۆد ئەکات لەبەرئەوەی بڕی ٢٨ میگاوات لەسەر ئەم ویستگەیە ئەدرێت بە پڕۆژە وەبەرهێنەکان واتە ئەم ویستگەیە کە سعەکەی ٢*٣١,٥ کی ڤی ای سودی ئەبیت بۆ ویستگەی رزگاری بە بری ١٥ میگاوات وە ئیستا دوای خستنە کاری ویستگەکە دەرکەوت کە ئەم ویستگەیە لە سالی ٢٠١٦ ئوڤەر لودئەکات ( سەیری نەخشەی لودی سالانەی سەر ویستگەکە بکە )

پیشنیار/لەبەرئەوەی ویستگەیەکی ٣٣/١٣٢ کی ڤی لەنزیك ئەم ویستگەیە دائەنریت کە نیازوایە فیدەرە بازگانیەکانی سەری بگوریت بە هیلی ٣٣ کی ڤی بۆیە پێویستە کاری بە پەلەی بۆبکرێت.

### ٢- ویستگەی شەهید

لە راپورتی سالی ٢٠٠٩ دا روونمان کردەوە کە ویستگەی شەهید لە ساڵی ٢٠١٣ ئۆڤەرلۆد ئەکات ئەگەر ویستگەی کوردسات بەتەواوی نەخرێتە کار وەئەگەر بخرێتە کار لە ساڵی ٢٠١٦ ئۆڤەر لۆد ئەکات لەبەرئەوەی ئەم ویستگەیە کە سعەکەی ٢*٢٥ م ڤی ای سودی ئەبیت بۆ ویستگەی شەهید بەبری ١٠ میگاوات وە ئیستا دوای خستنە کاری ویستگەکە دەرکەوت کە سالی ٢٠١٦ ئوڤەر لودئەکات (سەیری نەخشەی لودی سالانەی سەر ویستگەکە بکە )

پیشنیار

تیبینی/ دانانی ویستگەی کانی سپیکە بەتواناى ٢*٤٠/٥٠/٦٣ م ڤی ای ئەم ویستگەیە هیچ سودی نابیت بو ویستگەی شەهید هەروەها ئەگەر ٢ فیدەر لە ویستگەی شاری جوان تایبەت بکرێت بۆگەرەکەکانی ناو شار ئەوا سودی ئەبێت بەبری ٧ ئەمەش تەنها تا ساڵی ٢٠١٧بۆیە زۆرپێویستە کار بۆ گەورەکردنی ویستگەی سەرچنار بکرێت بو ٢*٣١,٥ م ڤ ا MVA یاخود ویستگەیەکی نوێ لە گەرەکی بەختیاری دروست بکرێت بەتواناى ٢*٤٠/٥٠/٦٣ کی ڤی ای

### ٣- ویستگەی مەلکەندی

ئەم وستگەیە لە سالی ٢٠٠٩ دوە ئۆڤەرلۆدە .دوای دانانی ویستگەی کازیوە بەتواناى ١*٢٥ م ڤی ای ,ئەم ویستگەیە سودی ئەبیت بە بری ١٥ م ڤ ا بو ویستگەی ملکندی بویە لەم کاتەدا لە سالی ٢٠١٤ ئوڤەر لود ئەکات بۆیە پێویستە کاری پەلە بکرێت بۆ دانانی ویستگەی زانکو بەتواناى ١*٢٥ م ڤی ای ,ئەم ویستگەیە سودی ئەبیت بە بری ١٠ م ڤ ا بو ویستگەی ملکندی بویە لەم کاتەدا لە سالی ٢٠١٥ ئوڤەر لود ئەکات ( سەیری نەخشەی لودی سالانەی سەر ویستگەکە بکە )

پیشنیار

بو ئەوەی کیشەی ئەم ویستگەیە چارەسەر بکریت پیویستە ویستگەیەکی ١١/٣٣/١٣٢ بە تواناى ٣*٤٠/٥٠/٦٣ لە خوار نەخوشخانەی فاروق دروست بکریت بەتایبەتی کە چەندین پروژەی بازرگانی لە سەر جادەی ٦٠م هەیە

**٤-ویستگەی ئەزمر**

**لەرا پۆرتی ساڵی ٢٠٠٩ ئامازەمان بەوەدا کەئەم ویستگەیەلە ساڵی ٢٠١٤ ئوڤەر لۆد ئەکات وە دوای دانانی ویستگەی کازیوە لەساڵی ٢٠١٦ ئۆڤەر لۆد ئەکات ( چونکە ئەم ویستگەیە سودی ئەبیت بە بری ١٠ م ڤ ا ) .بۆیە پێشنیارمان کرد کە محەویلەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت,ئیستاش دوای دانانی محەویلەی زمارە تا ساڵی ٢٠٢٠ ئۆڤەر لۆد ناکات ( سەیری نەخشەی لودی سالانەی سەر ویستگەکە بکە )**

**٥- ویستگەی پیشەسازی**

**لە را پورتی سالی ٢٠٠٩ دا وتمان کە ئەم ویستگەیە ئۆڤەرلۆد ئەکات لە ساڵی ٢٠١٥ ئەگەر ویستگەی مەلعەبەکە نەخرێتە کار وەئەگەر بخرێتە کار لە ساڵی ٢٠١٧ ئۆڤەر لۆد ئەکات ( لەبەرئەوەی ئەم ویستگەیە کە سعەکەی ٢*٣١,٥ کی ڤی ای سودی ئەبیت بۆ ویستگەی صناعی بەبری ١٥ میگاوات ) وە ئیستا دوای خستنە کاری دەرکەوت کە سالی ٢٠١٦ئوڤەر لود ئەکات وە دوای دانانی ویستگەی کانی گومە کەنیازوایە لەسالی ٢٠١١ دابنریت بەتوانای ٢*٣١,٥ م ڤی ای ,ئەم ویستگەیە سودی ئەبیت بە بری ٢٠ م ڤ ا بو ویستگەی صناعی بویە لەم کاتەدا لە سالی ٢٠١٨ ئوڤەر لود ئەکات ( سەیری نەخشەی لودی سالانەی سەر ویستگەکە بکە )**

**پیشنیار**

**ئەم ویستگەیە تا سالی ٢٠١٨ کیشەی نابیت**

**٦-ویستگەی پارکی ئازادی**

**ساڵی ٢٠١٧ ئۆڤەرلۆد ئەکات**

**پیشنیار**

**-دانانی محەویلەیەکی تر لە ویستگەی کوردسات بە توانای ١*٤٠/٥٠/٦٣**

**-دانانی ویستگەی زانکۆ ( گردی جوگە )**

**٧- ویستگەی بەردەکە**

**تا سالی ٢٠٢٠ کیشەی نابیت**

**٨- ویستگەی تا نجەرو**

**تا سالی ٢٠٢٠ کیشەی نابیت**

**٩- ویستگەی دواجن**

**تا سالی ٢٠٢٠ کیشەی نابیت**

**١٠- ويستگەی را پەرين**

**تا سالی ٢٠١٨ ئوڤەر لۆد ئەكات**

**١١- ويستگەی باشور**

**لەسالی ٢٠١٦ ئوڤەر لود ئەكات**

**( سەيری نەخشەی لودی سالانەی سەر ويستگەكە بكە )**

**پيشنيار**

**-خستنە كاری ويستگەی كانی گومە ,ئەم ويستگەيە سودی ئەبيت بە بری ٢٠ م ڤ ا بويە لەم كاتەدا لە سالی ٢٠١٩ ئوڤەر لود ئەكات**

**- كاربكريٙت بۆ دانانی ويستگەی قرگە بەتواناى ٢*٣١,٥ م ڤی ای ,ئەم ويستگەيە سودی ئەبيت بە بری ٣٠ م ڤ ا بويە هيچ كيشەيەك لەسەر ويستگەكە نامينيت**

**-لە راستيدا كيشەی ئەم ويستگەيە دووری شوينەكەيەتی كە بۆتە هۆی ئوڤەرلودبونی فيدەرەكانی بويە باشتر وايە ويستگەی زيرينوك دابنريتەوە بە تواناى ٢*٣١,٥ م ڤ ا**

**١٢-ويستگەی شيٚركوژ**

**كيٚشەی نابيت ( پەيوەندی بە فراوانكردنی پرۆژەی ئاوی سەرچنارەوە هەيە )**

**١٣- ويستگەی سرچنار**

**دوای گورينی يەكيك لە محەويلەكانی كيٚشەی نەماوە. وە دوای دانانی ويستگەی كانی سپيكە بەتواناى ٢*٤٠/٥٠/٦٣ م ڤی ای ,ئەم ويستگەيە سودی ئەبيت بە بری ١٠ م ڤ ا لە ريگای تحويلاتی نيوان ويستگەی بەردەكەو سرچنار.**

**١٤- ويستگەی زەرگەتە**

**ئوٚڤەرلوٚد ئەكات لە سالی ٢٠١٥**

**پيشنيار**

**تيبينی/**

**١- پەلە بكريت لە دانانی ويستگەی كانی سپيكە بەتواناى ٢*٤٠/٥٠/٦٣ م ڤی ای**

**٢- پيويستە ئەم ويستگەيە فراوان بكريت بو ٣ محەويلە**

**١٥- ویستگەی بەکرەجو**

**لە سالی ٢٠١٦ ئوڤەرلود ئەکات وە دوای دانانی ویستگەی کانی گومە ,ئەم ویستگەیە سودی ئەبیت بە بری ١٠ م ڤ ا بویە لەم کاتەدا لە سالی ٢٠١٨ ئوڤەر لود ئەکات**

**پیشنیار**

**لە راستیدا کیشەی ئەم ویستگەیە دووری شوینەکەیەتی کە بۆتە هۆی ئوڤەرلودبونی فیدەرەکانی بویە باشتر وایە ویستگەیەك لە نزیك فروکەخانە دابنریت بە توانای ٢*٣١,٥ م ڤ ا**

**١٦- ویستگەی زیرینوك**

**ئەم ویستگەی لە سالی ٢٠٠٧دا ٩ م ڤ ا کارەبای لەسەر بووە وە ئەگەر تائیستا بمایە ١٥ م ڤ ا کارەبای لەسەر ئەبوو کە کاریگەری باشی ئەبیت لەسەر دابەزینی لۆدی ویستگەکانی ( باشور+مەلکەندی+چوارباخ )**

**پیشنیار**

**باشتر وایە ویستگەی زیرینوك دابنریتەوە بە توانای ٢*٣١,٥ م ڤ ا**

**١٧- ویستگەی چوارباخ**

**ئەم ویستگەی لە سالی ٢٠١٩ ئوڤەرلود ئەکات**

**پیشنیار**

**دوای خستنە کاری ویستگەی کانی گومە کیشەی نامینیت**

| Load ٢٠٢٠ | Load ٢٠١٩ | Load ٢٠١٨ | Load ٢٠١٧ | Load ٢٠١٦ | Load ٢٠١٥ | Load ٢٠١٤ | Load ٢٠١٣ | Load ٢٠١٢ | Load ٢٠١١ | Load ٢٠١٠ | Load ٢٠٠٩ | Load ٢٠٠٨ | Load ٢٠٠٧ | Load ٢٠٠٦ | | Firm capacity MVA | Ss. Capacity MVA | Substation name |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩٤ | ٨٤ | ٧٥ | ٦٧ | ٦٠ | ٥٣ | ٤٨ | ٤٣ | ٣٨ | ٤٦ | ٥٢ | ٤٦ | ٤٥ | ٥٣ | ٦٠ | | ٥٧ | ٢*٥٠/٤٠/١٦+١*٦٣/٥٠/٢٥ | MVA-Rzgary |
| ١١ | ١٠ | ٩١ | ٨١ | ٧٢ | ٦٥ | ٥٨ | ٥٢ | ٤٦ | ٤٥ | ٤٧ | ٥٢ | ٥٣ | ٧١ | ٦٣ | | ٦٣ | ٢*٣١.٥ | MVA-shahee |

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | ٢ | | | | | | | | | | | | | | | | | d |
| ٩٧ | ٨٦ | ٧٧ | ٦٩ | ٦١ | ٥٥ | ٤٩ | ٤٤ | ٣٩ | ٤٨ | ٤٩ | ٤٧ | ٤٢ | ٤٤ | ٤٠ | | ٤٨ | ٣*١٦ | MVA-malkany |
| ٨٢ | ٧٣ | ٦٥ | ٥٨ | ٥٢ | ٤٦ | ٤١ | ٣٧ | ٣٣ | ٤٠ | ٤٠ | ١٨ | ٣٧ | ٣٦ | ٣٦ | | ٧٥ | ٢*٦٣ /٥٠/٢ ٥+١٥ | MVA-azmer |
| ٧٩ | ٧١ | ٦٣ | ٥٦ | ٥٠ | ٤٥ | ٤٠ | ٣٦ | ٣٢ | ٤٠ | ٤٢ | ٣٩ | ٣٥ | ٢٦ | ٢٧ | | ٦٣ | ٢*٣١ .٥ | MVA-snaee |
| ٩٧ | ٨٦ | ٧٧ | ٦٩ | ٦١ | ٥٥ | ٤٩ | ٤٤ | ٣٩ | ٤٥ | ٤٧ | ٤٨ | ٤٢ | ٤٢ | ٣٧ | | ٦٣ | ٢*٣١ .٥ | MVA-park |
| ٤٢ | ٣٨ | ٣٤ | ٣٠ | ٢٧ | ٢٤ | ٢١ | ١٩ | ١٧ | ٢٨ | ٢٥ | ٢٤ | ٢٨ | ٩ | ٨ | | ٦٣ | ٢*٣١ .٥ | MVA-bardaka |
| ٣٠ | ٢٧ | ٢٤ | ٢١ | ١٩ | ١٧ | ١٥ | ١٣ | ١٢ | ٨ | ٧ | ٧ | ٦ | ١٣ | ٠ | | ٢٥ | ١*٢٥ | MVA-tanjaro |
| ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٣ | ٣ | ٣ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ١٢ | ٧ | ٧ | ٩ | | ١٠ | ٢*٥ | MVA-dawajn |
| ٨٢ | ٧٣ | ٦٥ | ٥٨ | ٥٢ | ٤٦ | ٤١ | ٣٧ | ٣٣ | ٢٧ | ٢٢ | ١١ | ١٠ | ٨ | ٥ | | ٦٣ | ٢*٣١ .٥ | MVA-rapareen |
| ١١٩ | ١٠٦ | ٩٥ | ٨٥ | ٧٦ | ٦٧ | ٦٠ | ٥٤ | ٤٨ | ٤٠ | ٣١ | ٢٣ | ١٤ | ٠ | ٠ | | ٧٥ | ٣*٦٣ /٥٠/٢ ٥ | MVA-bashur |
| ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٦ | ٥ | ٧ | ٧ | ٦ | ٦ | ٠ | ٠ | | ١٥ | ١*١٥ | MVA-sherkuz |
| ٣٠ | ٢٧ | ٢٤ | ٢١ | ١٩ | ١٧ | ١٥ | ١٣ | ١٢ | ١٢ | ١١ | ١١ | ٠ | ٠ | ٠ | | ٣٩ | ١*٧, ٥+١* ٣١,٥ | MVA-sarchnar |
| ٩٩ | ٨٨ | ٧٩ | ٧٠ | ٦٣ | ٥٦ | ٥٠ | ٤٥ | ٤٠ | ٣٢ | ١٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | | ٥٠ | ٢*٦٣ /٥٠/٢ ٥ | MVA-zargata |
| ٨٢ | ٧٣ | ٦٥ | ٥٨ | ٥٢ | ٤٦ | ٤١ | ٣٧ | ٣٣ | ٢٩ | ٢٥ | ١٢ | ١٤ | ١٣ | ١١ | | ٥٠ | ٢*٦٣ /٥٠/٢ ٥ | MVA-new bakrajo |

| zerinok | ٠ | ٠ | | ٩ | ٩ | نة ما وة | نة ما وة | نقم اوة | | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| MVA-chwarbakh | ٢*٣١.٥ | ٦٣ | | | | | | | ١٠ | ٢٩ | ٣٢ | ٣٦ | ٤١ | ٤٦ | ٥١ | ٥٧ | ٦٤ | ٧٢ |
| Amercan univercity | ١*١٥ | ١٥ | | | | | | | | ٢ | ٢ | ٣ | ٣ | ٣ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ |
| Zanko kamp | ١*١٦ | ١٦ | | | | | | | | ٥ | ٦ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ |
| kaziwa | ١*٢٥ | ٢٥ | | | | | | | | ١٥ | ١٧ | ١٩ | ٢١ | ٢٤ | ٢٧ | ٣٠ | ٣٣ | ٣٧ |
| Hawari shar | ١*٢٥ | ٢٥ | | | | | | | | ٨ | ٨ | ٩ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٥ | ١٧ | ١٩ |
| Bakrajo mob. | ١*٢٥ | ٢٥ | | | | | | | | ٧ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٣ | ١٤ | ١٦ |
| shari jwan | ٢*٣١.٥ | ٦٣ | | | | | | | | ١ | ١ | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ |
| MVA-qaragh | ١*٥ | ٥ | | | | | | | ٢٠ | ٢٢ | ٢٥ | ٢٨ | ٣١ | ٣٥ | ٣٩ | ٤٤ | ٥٠ | ٥٥ |
| MVA-darband | ٢*٣١.٥ | ٦٣ | | | | | | | ١١ | ٢٦ | ٢٩ | ٣٣ | ٣٧ | ٤١ | ٤٦ | ٥١ | ٥٧ | ٦٤ |
| MVA-qalachwalan | ١*١٠+١*١٦ | ٢٦ | | | | | | | ١٤ | ١٦ | ١٨ | ٢٠ | ٢٢ | ٢٥ | ٢٨ | ٣١ | ٣٥ | ٣٩ |
| MVA-arbat | ١*١٠+١*١٥ | ٢٥ | | | | | | | | ١٢ | ١٣ | ١٥ | ١٧ | ١٩ | ٢١ | ٢٤ | ٢٧ | ٣٠ |
| كۆ | | | | ٣٠٥ | ٣٣١ | ٣٣٩ | ٣٥٦ | ٤٢١ | ٥٠٥ | ٥٧١ | ٦٤٠ | ٧١٦ | ٨٠٢ | ٨٩٩ | ١,٠٠٧ | ١,١٢٧ | ١,٢٦٣ | ١,٤١٤ |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ريژەى زيادبون | | | | | ٨.٥٢% | ٢.٤٢% | ٥.٠١% | ١٨.١٩% | ١٩.٩٥% | ١٣.١٧% | | | | | | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوەندی ریژەی زیادبوون | | | | ١١.٢١% |